ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
9
10 ی نیسان / ئەپرێل 2021

# بەرەو ئایار !!

**وەستا مەهدی**



یەکی ئایار ڕۆژێکی گرنگە لەمێژووی بزوتنەوەی کرێکاری لە ئاستی جیهاندا. بۆ ئێمەی کرێکارانی کوردستانیش گرنگی خۆی هەیە. پێش هاتنی ئەو ڕۆژە لەرێگای ڕێکخراوەکان و بەهەوڵو تێکۆشانی هەڵسوراوانی کرێکاری و ئەوهێزوحزبانەی کە خۆیان بە بەشێک لەچینی کرێکار دەزانن، ئامادەکاری بۆ دەکرێ و کۆمیتەو ئۆرگانی تایبەت بە ڕێورەسمی یەکی ئایار دادەمەزرێ. ساڵانە

بۆ لاپەڕە 3

# هەرێم و بەغدا ڕێکەوتن بەڵام کێشەی خەڵک و دەسەڵات لەشوێنی خۆیدا ماوە!

**دەشتی جەمال**



سەرئەنجام دوای دەیان کۆبوونەوەی نێوان شاندی هەرێم و بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، پرۆژە یاسای بودجە، بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق دیاریکرا و دوای بگرەوبەرەیەکی زۆری لایەنی شیعەکان و لەژێر کاریگەریی دەرەوەدا بەقورسی تێپەڕێنرا. مەرجەکانی حکومەتی ناوەندی بریتی بوو لە ڕادەستکردنی پارەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل بە نرخی سۆمۆ لەگەڵ نیوەی داهاتی نانەوتی هەرێم لەبەرامبەر

بۆ لاپەڕە 4

# ئاوارەیی خەڵکی کوردستان ئاکامی چ فاکتەرێک بوو؟

**عەبدوڵا مەحموود**

بۆ لاپەڕە 5

# لەوەڵام بە پرسیارێکدا.. سەبارەت بە قسەکانی نێچیرڤان بەرزانی!

**جەمال موحسن وەڵام دەداتەوە**

بۆ لاپەڕە 7

# یادی خەباتکارانەتان بۆ هەتاهەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە!

لەیادی تیرۆرکردنی هاوڕێیان شاپور عبدالقادر و قابیل عادل

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەڕە 9



# یەکریزی ماڵی بۆرژوازی کورد بەسەرپەرشتی پارتی!

**موحسن کەریم**

ڕۆژی ٨/٤/٢٠٢١ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرجەم لایەنە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی کورد بەشداربوون بێجگە لە نەوەی نوێ، کە گوایە خۆیان ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون!

دڵشاد شەهاب ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە چۆنیەتیی یەکخستنی توانا ناوخۆییەکانی خۆمان بۆئەوەی لە پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکاندا هەموو لایەنەکان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە ڕاوێژ لەگەڵ یەکتری بکەین و یەک هەڵوێستی بنوێنین. هەروەها ووتی هەموو لا لەسەر ئەوە کۆک بووین کە هاوپەیمانییەکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا پێک بهێندرێت و پێکەوە داوای مافەکانی گەلی کوردستان بکرێت !

ئەگەرچی بەپێی بەرنامەی کۆبوونەوەکە چەندین خاڵ و بابەتی دیکە باسکراون، بەڵام خاڵی گرنگ و مەبەستی سەرەکی کۆبونەوەکە هەر ئەوەبووە کە دڵشاد شەهاب ئاماژەی پێکردوەو بە گرنگترین بەندی کۆبونەوەکەی دادەنێت.

نێچیرڤان بارزانی لە پێگەی پۆستی سەرۆکی هەرێمەوە، وەکو سەرۆکی دەزگایەکی نیشتمانی، دەیەوێ خۆی نمایش بکات و پۆستە حزبیەکەی و بەرژەوەندی حزبەکەی بشارێتەوە. دەیەوێ

بۆ لاپەڕە 2

## درێژەی.. یەکریزی ماڵی بۆرژوازی کورد بەسەرپەرشتی پارتی!

وانیشان بدات کە مەبەست و ئامانجی ئەو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە. لەسەر ئەم بنەمایەشەوە حزبەکانی بانگێشت کردوە تا ئەوانیش ئەو پێگەیەی لێ قبوڵ بکەن و سیاسەت و داواکاریەکانی حزبەکەی وەکو داوایەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە سەرووحزبی و گشتیەکانی خەڵک لێ وەربگرن، بەڵام لەڕاستیدا نێچیرڤان بارزانی، بەم هەوڵەی دەیەوێ سەرجەم حزبەکانی بۆرژوازی کورد، بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەوە ڕابکیشێت بۆ ژێر ئالای پارتی و بەرژەوەندیە سیاسی و دوورمەوداکانی.

پارتی لەڕێگای جۆراوجۆرەوە دەیەوێ هەژمونی سیاسی خۆی بەسەر کوردستان و سەرجەم پرسی کورد لە کوردستانی عێراقدا زاڵ بکات. دەیەوێ پارتی وەکو نوێنەری "کورد" و هەرێمی کوردستان و حکومەت و دەسەڵاتی بڕیاردەری کوردستان لە پەیوەند بە دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەمریکاو فەرەنسا و وولاتانی ڕۆژاوا، حکومەتی ناوەندیەوە بناسێنێ و بڕیاری یەکلاکەرەوە لای ئەو بێت. نێچیرڤان بارزانی لەژێر چەتری سەرۆکایەتی هەرێمدا، ئەم خزمەتە بە حزبەکەی و دەسەڵاتی حزبەکەی و بنەماڵەکەی دەکات! بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان دواهەمین پرس و خاڵە لە ئەجندای سیاسی نێچیرڤان بارزانی و ئەو حزبانەشدا بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەوە، کە دوێنێ کۆبوونەوە!

نێچیرڤان بارزانی دەیەوێ ماڵی بۆرژوازی کورد لەژێر چەتری حزبەکەی و دەسەڵاتەکەی و ستراتیژی سیاسی حزبەکەیدا ڕێک بخات، دەیەوێ حزبەکانی بەشدار لە دەسەڵات لەگەڵیدا زیاتر ڕابکێشێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دەیەوێ حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دەستەمۆ بکات و ئەو بۆڵە بۆڵەشیان نەهێڵێ کە لەبەرامبەر حکومەتدا هەیانە بەناوی بەرگریکردن لە ماف و ژیانی خەڵکەوە، تا هەرجۆرە ڕێگریەکی ناوخۆیی لەناو بنەماڵەی بۆرژوازیدا لەبەرامبەر جێگیربوونی دەسەڵاتی بنەماڵەیی بۆرژوازی کورددا بە سەرۆکایەتی پارتی (کە لە ڕاستیدا و دیفاکتۆ، حکومەت و دەسەڵاتی پارتیە بە شەراکەتی یەکێتی و گۆڕان) نەهێڵێت یاخود کەم بکاتەوە. دەیەوێ دەمیان چەور بکات، تا لەکاتی پێویستدا، وەکو خۆیان دەڵێن لە پرسە هەستیار و نیشتمانیەکاندا، یاریەکە لە پارتی تێک نەدەن. بەتایبەتی لایەنێکی گرنگی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ پێشگرتن بە سەرچڵیەکانی یەکێتی نیشتمانی بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی یەکلانەیەوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەغدا لەژێر ناوی پرسی لامەرکەزیدا، کە ڕاستەوخۆ دژایەتی سیاسەت و ئەجندای پارتی بوو، وە ئامانجەکەشی لاوازکردنی پارتی و دەسەڵاتی پارتی بوو لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا. ئەم ئەجێندایەی یەکێتی لەم کۆبوونەوەیەدا بەجۆرێک پاشەکشەی پێکراو وەکو دڵشاد وەهاب دەڵێت هەموو کۆک بوون لەسەر پێکەوە کارکردن و یەکریزی لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا! ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەکی دیکەوە جەوهەری هەلپەرستانەو ساختەبازیی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردستانی زیاتر نیشان دا کە ئامادەن لەپێناو ئیمتیازاتی سیاسی و دەسکەوتی مادی بۆ خۆیان، لەوکاتەدا دەسەڵاتی چەوسێنەرو تالانچی و دژ بە خەڵکی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی پارتی پێویستی بێت، ئامادەن دەست لەسەر سنگ بوەستن و خزمەتی خۆیان پێشکەش بکەن لەژێر ناوی پاراستنی بەرژەوەندیە گشتی و نیشتمانیەکانی گەلی کوردستاندا!

★

**خۆشباوەی جەماوەری کوردستان بە بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و دەستبردنیان بۆ ڕاپەڕین لەژێر سایەی ئاسۆی سیاسی ئەواندا لەچوارچێوەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژاوادا هۆکاری سەرەکی دارمانی ئیرادەی جەماوەر و ئاوارەبوونی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بوو.**

# درێژەی .. بەرەو یەکی ئایار!!

بەشێکی گرنگ لە کاری کۆمیتەو ئۆرگانە تایبەتەکان بە مەراسیم، ئامادەکردنی لائیحەی ئەوخواستانەن کە کرێکاران خەباتی لەپێناودا دەکەن و دەیکەنە پلاتفۆرمێک و وەکو خواستە دەستبەجێکانی کرێکاران، هەم کرێکارانی لەدەورکۆدەکەنەوەوهەمیش دەخرێتە بەردەستی دەسەڵاتداران و خاوەنکارەکان بۆقەبوڵ کردنیان ودانانی پێیاندا و بەرەسمی ناسینیان.

بەداخەوە سەرەرای خەباتی بەردەوامی کرێکاران و روبەروبونەوەی بەردەوامی کرێکاران بەرامبەر بە خاوەنکارو دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان، هێشتا کرێکاران لە هەلومەرجێکی زۆرخراپ وشێوەی کۆیلاتیدا کاردەکەن. ئەگەرچی یەکی ئایارلەدژی بارودۆخی سەختی کارکردن بوو، لەیەکی ئایارو بەخەباتی یەکگرتوانەی چینی کرێکار خاوەنکارو دەسەڵاتدارانیان پاشەکشەپێکردو سەعاتکاریان لە ١٤-١٥سەعاتەوە کردە ٨سەعات وە لە گشت مادەو برگەکانی یاساکاری وولاتانی دنیادا جێگیرکرا، بەڵام ئێستا لەهەرێمی کوردستان ئەو مافە یاساییە پێشێل کراوەو رۆژانە لەزۆربەی ناوەندە کانی کاردا سەعات کاریان درێژ کردوەتەوە و کرێی کرێکارانیش بەهیچ جۆرێک بەشی ژیانێکی کولەمەرگیش ناکات و زۆربەی چینی کرێکار بە چەند پلە لەخوار هێڵی هەژاریەوەن.

سەرەرای ئەوەی کە لە یاسای کاری تازەی عێراقدا( ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠١٥)دا ئیشارەت بەجۆرێک لە مافی فرەرێکخراوبون دراوە، بەڵام ئەو یاسایە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە وەستێنراوەو کاری پێناکرێ. مافی رێکخراوبون بەرەسمی نەناسراوەو هێشتا تەنها سەندیکاکانی بەرەی کودستانی خۆیان بەنوێنەری کرێکاران دەزانن. ئەوەی کە لە بەرژەوەندی کرێکاران بێت، ئەو سەندیکا بەرەییە بەلایانداچن وتەنها لەقازانجی خاوەنکارو کومپانیاکان کاردەکەن. هێشتا یاسای کار هەرئەو یاسایەیە کە پێش ٥٠ساڵ دەرچووەو بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت، ئەگەرچی هەندێ مادەو برگەشی تێدایە کە ئەگەرجێبەجێ بکرێت دەتوانرێ سودێک بەکرێکاران بگەیەنێت، بەڵام ئەوەش لەسەر رەفەکانەوە تۆزی لەسەر نیشتوە.

لەراستیدا چینی کرێکاری کوردستان کێشەوگرفتی زۆری هەیە، کە بەبڕوای من لەهەموویان گرنگتر مافی ئازادی رێکخراوبونە و شکاندنی ئەو تەوقە ئەمنیەیە کە شوێنکاری کرێکارانی کردوەتە سەربازگە. کرێکاران فرسەتی ئەوەیان نییە لەدەوری خواستەکانیان کۆببنەوەو لەریزی رێکخراوی خۆیاندا روبەروی خاوەنکارو دەسەڵات ببنەوە. هەوڵدەن یاساکارێکی کرێکاری پێشرەو بەسەر خاوەنکارو دەسەڵاتدا بسەپێنن و کۆتایی بە کێشەکانیان بهێنن.

لەهیچ شوێنێکی دنیادا نییە کە هەزارەها کرێکار رۆژانە لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی کاردا کاربکەن، بەڵام یاسایەک نەبێت پەیوەندی ماف و بەرپرسیاریەتی نێوان خاوەنکارو کرێکار دیاری بکات، کە لەراستیدا دەستی خاوەنکار ئاواڵەیەو تەنها مافەکانی کرێکار دیاری نیەوو هیچ رێکارێکی یاسایش نیە کە پارێزگاری لە خۆی و لە مافەکانی بکات. لەهیچ شوێنێکی دنیادا نییە کە سێ بەشی خەڵکەکەی کرێکاربێت، بەڵام لایەنێکی رەسمی نەبێت خۆی بە بەرپرس بزانێت لەدابینکردنی ژینگەیەکی تەندورست بۆ کارو ژیانی کرێکاران.

بازاری کار لەهەرێم بازارێکی تەواو دژە کرێکاریەو کرێکاران بەردەوام لەکێشەدان لەگەڵ دەسەڵات وخاوەنکاردا. ئەم هەلومەرجە سەختە هاتنەمەیدانی هەڵسوراوانی کرێکاری وکومۆنستی دەوێت. ئەگەر لەسەر خواستە دەستبەجێکانی کرێکاران قسەبکەین بۆئەمساڵ ئەوە دەتوانین لیستێک لەوخواستانە بخەینەروو کە چەند ساڵە لائیحەیەکی نەگۆرن وهەموو ئایارێک دەخرێنە بەردەستی دەسەڵاتداران، بەڵام هێشتا بێوەڵامن. لەوانە؛

**یەکەم**/ دابینکردنی سەلامەتی شوێنی کار، **دوەم**/مافی ئازادی رێکخراوبوون، **سێهەم**/ گێرانەوەی قازانجی ساڵانە، **چوارەم**/هەڵوەشانەوەی گرێبەستی کاتی، **پێنجەم**/بیمەی بێکاری یان کاری گونجاو بۆگشت ئامادەبوانی بەکار، **شەشەم**/ گۆرینی یاسای کار، **حەوتەم**/گێرانەوەی پشووە رەسمیەکان، **هەشتەم**/ دیاریکردنی لانی کەمی کرێ بەپێی پێداویستیەکانی رۆژانەی خێزانێکی کرێکاری..هتد لەوخواستانەی کە هەمیشە خەباتی بۆدەکەین.

بەڵام ئەبێ کریکاران ئەوەمان لارۆشن بێت کە دەستەبەرکردنی هەموو ئەو مافانەو ناچارکردنی خاوەنکارو دەسەڵات بەملدان بەمافە رەواکانمان، پێویستی بەهاتنەمەیدانی هێزی چینایەتیمان و رێکخراوبونمانە لەدەوری خواستەکانمان. بەهەر ئەندازەیەک رێکخراو و یەکگرتووبین بەو ئەندازە دەتوانین مافەکانمان دەستەبەرکەین. مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری دەیان دەرسوتەجروبەی بەنرخی تێدایە کە بۆتەمایەی دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر، بەوهیوایەی کرێکارانی کوردستان بتوانین لەم یەکی ئایارەدا دەورەیەکی تازە لەخەبات دەست پێبکەین و بەرەو ژیانێکی باشتر هەنگاوبنێین .

★

**بژی یەکی ئایار**
**رۆژی خەباتی نێونەتەوەیی**
**چینی کرێکار**
**دژی دەسەڵاتی**
**سەرمایە و**
**سیستەمی**
**سەرمایەداری!**

## درێژەی .. هەرێم و بەغدا ڕێکەوتن بەڵام کێشەی خەڵک و دەسەڵات لەشوێنی خۆیدا ماوە!

قبوڵکردنی بەشە بودجەی هەرێمدا. ئەم ڕێکەوتنە کاتییە هەریەک لەلایەنە سیاسییەکانی کوردستان و فراکسیۆنە جیاواز و تۆراوەکان و بەتایبەتی یەکێتی و پارتی کردیانە هەراوهوریای سەرکەوتن و بە دەستکەوت و وەرچەرخانێکی مەزن ناوزەدیانکرد، گوایە ڕێکەوتنێکی سیاسی و دەستوری گرنگیان ئەنجامداوە.

لەساڵی ٢٠٠٣وە لەدرێژەی سیناریۆی ڕەشی شەڕی ئەمریکا و نەخشە سیاسییەکانیدا دەستی دەیان هێز و دەستە و تاقمی ئیسلامی و قەومی و تایفی ڕاکێشرا بۆ سەر دڵی خەڵک وگەیاندیانن بە کورسی دەسەڵات، شیرازەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراقیان شێواند و عێراقیان لەگەڵ شەڕ و کوشتار و ماڵوێرانی بەرەوڕوو کردەوە. حکومەت و پەرلەمانیان لەسەر بنەمای هاوبەش دروستکرد لە هێزی ئیسلامی سیاسی و قەومی و تایفی و دەستورێکیان بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێز و قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانە بۆ پچرینی بەش لە دەسەڵات و دابەشکردنی سەروەت و داهاتی عێراق لەنێوانیاندا بەسەر خەڵکدا قەبڵاند. بەم شێوەیە ئاکامەکەی بە شەڕی تایفی و لەخوێن هەڵکێشانی دەیان ئینسان لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی دەستەنگی عێراق درێژەی کێشا.

١٨ ساڵە ئەم هێزانەی کە لە ڕێگای سیاسەتەکانی ئەمریکاوە بەدەسەڵات گەیشتوون لە شەڕ و کێشمەکێشدان لەسەر بردنی نان و گوزەران و ڕەنجی خەڵکی عێراق و بەدەستەوە گرتنی پۆستی دەسەڵات، وە بەقەدەر سەرەدەرزییەک پەیوەندییان بە خۆشکردنی ژیان و گوزەران و ئەمنیەت و ئاسایشی ئەو کۆمەڵگایەوە نیە، بگرە کۆمەڵگایان نوقمی نائارامی و گەندەڵی و بێکاری و بێمافی کردوە. لەوەش زیاتر ژیان و ئایندە و چارەنووسی کۆمەڵگایان لە کێشمەکێشی نێوان ئەمریکا و ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکەدا ڕاگرتوە. ئێستاش دوای داسەپاندنی دەیان کارەسات و ماڵوێرانی بەسەر خەڵکی عێراقدا و بەدوای سەرکەوتنیان بەسەر داعشدا و تێکچوونی ئەو هاوسەنگییەی پێشوو وە بەتایبەتی بەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەحزابی ناسیونالستی کورد لە ڕیزی پێشەوەدا پارتی و یەکێتی ئیدعای ئابووریی سەربەخۆیان دەدا بەگوێدا، هەمووی وەک بڵقی ئاو بە هەوادا چوو. ڕۆژ بەڕۆژ لەدوای لێسەندنەوەی تەواوی ناوچە دابڕاوەکان و کەرکوک و بۆرییە نەوتیەکان و تەنانەت تێکچوونی ڕیزبەندی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و زۆرتر باوەشکردنەوە و هانابردن بۆ حکومەتی ناوەندی و ملدان بەتەواوی داواکارییەکانی، تا ئاستی ئەم ڕێکەوتنەی ئەمرۆیان لە دۆخێکی قەیرانگرتووی ئابووریی سیاسی گیریانکردوە تا خۆیان لەبەرامبەر شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵکدا ڕابگرن و درێژە بە دەسەڵاتی سەرکوتگەر و ملهوڕی خۆیان بدەن. لەلایەکی ترەوە حکومەتی ناوەندی کاربەڕێکەر وەکو هەوڵێک بۆ بێدەنگ کردنی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شار و شارۆچکەکانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کورسی دەسەڵاتی درایە دەست تا پەنجەرەیەک بۆ ڕزگاریی خۆیان لە تورەیی خەڵک پەیدا بکەن، ئەوانیش لە قەیرانێکی سەراپاگیردا دەست و پێ دەکوتن. ڕێگەی ملدانیان بەم ڕێکەوتنە بۆ تیماری برینێک، نەک چارەسەرکردنی برینەکە، قبوڵکرد. ناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتنەیان تەنها و تەنها کاتییە و بۆ چەواشەکردنی خەڵک و خاوکردنەوەی نارەزایەتییەکانە لە هەردوولاوە، بۆ بەڕێکردنی هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە.

هێزە میلیشیاکانی پاڵپشتی ئێران خۆشحاڵیەکیان نیە بەوەی مستەفا کازمی لەو پۆستەی بمێنێ و بەپێچەوانەشەوە کازمی لە هەوڵە دیبلۆماسی و ناوچەیی و جیهانییەکانی بەردەوامە تا سەرلەنوێ دەوڵەتی عێراق سازبداتەوە و دەسەڵات مەرکەزی بکاتەوە. ئەوەی چەند بۆی مەیسەر دەبێت جێگای ئاماژەی ئەم وتارە نیە، ئەوەی پێویستە بوترێت ئەم ڕێکەوتنە ناتوانرێت وەک کارێک لە بەرژەوەندی خەڵک تەماشا بکرێ، بەتایبەتی کە ئێدیعاکان ئەوەیە پێدانی مووچە لەمەودوا لەکاتی خۆیدا مانگانە دەدرێت. ڕەنگە تاڕادەیەک بازاڕ جوڵەی تێبکەوێت و کەمێک بووژانەوە لە ژیان و گوزەرانی خەڵکدا پێک بێت، بەڵام ئەمەش کاتییە و ناتوانێت قەیران و بنبەستییەکی سەراپاگیر کە هەم حکومەتی هەرێم و هەم حکومەتی عێراق تێیکەوتوون کۆتایی پێبهێنێت. ئەم هەوڵانە بۆ ئارامکردنەوەی نارەزایەتییەکان و ڕاگرتنیان لە چاوەڕوانی بەدیار ئەم هێزانەوە و لەدرێژەی کێشمەکێشی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەحزابی قەومی و ئیسلامی عێراقدایە لەسەر شەراکەت لە دەسەڵاتو پچرینی بەشی زیاتری داهات و قازانج.

هەربۆیە بۆ گۆڕینی هاوکێشەکە بەقازانجی خەڵک پێویستە سەرلەنوێ ڕەوتی نارەزایەتیەکان پێبگرێتەوە دوور لەئاسۆی هێزە ناسیونالیستی و ئیسلامیەکان بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵ و جەماوەری ئازادیخوازی پێ بنێنە مەیدانەوە لە شار و شارۆچکەکانەوە بەچەکی ڕێکخراوبوون لە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و داسەپاندنی هەنگاو بەهەنگاوی داخوازییەکان، تا بەدەستەوە گرتنی ئیدارەی کۆمەڵگا. دەسەڵاتداران ئەگەر بۆ چەند مانگێک تا مەیسەر بوونی هەڵبژاردنەکانی عێراق بتوانن مووچە دابین بکەن، بەڵام خەبەرێک لە گێڕانەوەی



# ئاوارەیی خەڵکی کوردستان ئاکامی چ فاکتەرێک بوو؟

عەبدوڵا مەحمود

خەڵکی کوردستانی عێراق، تەنها دوای مانگێک بەسەر خرۆشان و ڕاپەڕینی جەماوەریاندا، لەگەڵ گەڕانەوەی سوپای شکستخواردوو وە قەسابیکراوی عێراقدا، ناچار بە کۆڕەوێکی گشتی و ملیۆنی بوون.

هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم ئاوارەییە، لەلایەکەوە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا بۆ ڕژێمی بەعس، درندەیی ئەزموونکراوی پێشوی سوپای عێراق، خۆشباوەری خەڵکی کوردستان بە ئەمریکا و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بوو.

ئەمریکاو ڕۆژاوا کاتێک بینیان بۆشاییەکی سیاسی لەئاکامی ڕاپەرینی خەڵکیدا لە بەشێکی فراوانی کوردستاندا پێکهاتووە، وەکو دەرچوون لە سیاسەت و نەخشەکانی خۆیان تەماشایان کرد، چونکە لەڕوانگەی ئەمریکاوە یەکپارچە مانەوەی عێراق، لایەنیکی گرنگ لە نەخشە و پلانی جەنگیان بوو. بۆ بەرگرتن بە هەرەشە یان ئەگەری لێکدابڕانی بەشێک لەعێراق کە کوردستان بوو، گڵۆپی سەوزیان بۆ سوپاو ڕژیمی عێراق هەڵکرد، تا ئەو بۆشاییە سیاسیەی بەهۆی ڕاپەرینەوە دروست ببوو لەڕێگای گەڕانەوەی هێزەکانی عێراقەوە پڕی بکەنەوەو بەر بەهەر هەوڵ و ویستێکی جیابوونەوەی ئەو بەشەی کوردستان لە عێراقدا بگرن.

هاوکات بەو هۆیەوە کە ئەزموونی ڕژیمی بەعس و سوپاکەی، تاڵاوێکی کەموێنەی لە ڕێگای دەیان سیاسەتی پاکتاوی قەومی، بەسەر خەڵکی کوردستان هێنابوو، خەڵک لە ترسی تۆڵەی سوپای بەعس، لە بەرامبەر ڕاپەڕین و خۆ بەستنەوەیان بە ئەمریکاوە، ناچار بەوە بوون گیانی خۆیان لەدەست سوپا و دەسەڵاتی بەعس ڕزگار بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگای ئاوارەییان گرتەبەر.

خۆشباوەری بە ئەمریکا و ڕۆژاوا، بەوێنەی فریادڕەسی خەڵکی عیراق و کوردستان لەدەستی بەعس، وەکو ئاسۆیەکی زاڵ رای گشتی خەڵکی کوردستانی تەنیبوو، بە پشت تێکردنی ئەمریکا و دەستشلکردنی لەبەرامبەر سوپای عێراقدا، قەڵەمی دەستوپێی خەڵکی کوردستان شکاو جارێکی تر هاواری "ئەمریکا خیانەتی لێمان کردا!"، ئەو دەروازەیەی کردەوە کە خەڵک خۆی بەبێ پشتوپەنا ببینێت و ناچار بێت خۆی لەدەستی دێوەزمە ڕزگار بکات.

دیارە خۆشباوەری جەماوەری کوردستان بە بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و دەستبردنیان بۆ ڕاپەڕین لەژێر سایەی ئاسۆی سیاسی ئەوان، کە ئەوانیش ئاسۆی دوبارە هاتنەوە مەیدانیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە شەتەک دابوو،

## پاشماوەی .. هەرێم و بەغدا ڕێکەوتن بەڵام کێشەی خەڵک و دەسەڵات لەشوێنی خۆیدا ماوە!

پارەی دزراوی خەڵک نیە کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەژێر ناوی پاشەکەوتی مووچە و بڕینی مووچەکان و نەدانی مووچەی چەند مانگی ڕابردوو لە فەرمانبەران و کرێکاران و خانەنشینان و خاوەن پێداویستی تایبەتیان گرتەوە. ئەم ڕێکەوتنە ناتوانێت بە هەزاران دەرچوانی زانکۆکان دابمەزرێنێت، ناتوانێت بیمەی بێکاری و خزمەتگوزاریەکانی خەڵک لە ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری تەندروستی و بیمافی و هەژاری و نەداری وەڵام پێ بدەنەوە.

جووڵانەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان پێویستە لە ئێستاوە ڕووی لەوە بێت کە مەلەفی خەڵکی کوردستان لەژێر دەستی ئەم حزبانە دەربهێنێت و فیدرالیزمی قەومی کە ئامانجی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان بووە بەمەبەستی شەریک بوون لە دەسەڵات بگۆڕێت و دەستی قاچاخچێتی و تالانوبڕۆی ئەم حزبانە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان کورت بکاتەوە و لەکاربخات. بۆ ئەمەش هەڵسووڕاوانی نارەزایەتیەکان و ئازادیخوازان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیستی بانگەواز دەکات کە ڕابەری و نەخشەڕێگای هەنگاو بەهەنگاوی ئامادەییەکانی ڕێگاچارەی فەوری بۆ ئەو پرسانە ئامادە بکات و کۆمەڵگا بپارێزێت لە ململانێ و کێشمەکێشی بەرژەوەندی قازانجی مستێک سەرمایەداری مشەخۆر، لە شەڕ و پێکدادانی قەومی و تایفی ئەم هێزە کۆنەپەرست و دژە ئازادییانە و لە پاراستنی کۆمەڵگا لە برسێتی و هەژاری و بێ مافی و بزووتنەوەی کۆتایی هێنانی ئەم هێزانە نوێنەرایەتی بکات. ئەوان ڕێکەوتنی خۆیان کرد بەڵام کێشەی خەڵک و ئەم دەسەڵاتە لەشوێنی خۆیدا ماوە!

★

## پاشماوەی .. ئاوارەیی خەڵکی کوردستان ئاکامی چ ..

زەمینەکانی دارمانی ئیرادەی جەماوەری ئامادەکردبوو.

بەو هۆیە زۆر سادەیەو لەوەش زیاتر بەهۆی ئەوەی کە ڕاپەرین بەرهەمی خەباتی لە پێشتری خەڵکی کوردستان، لەدژی ڕژێمی بەعس نەبوو. لاوازبوونی بەعس، ئاکامی چوونەپێشەوەی هەنگاو بەهەنگاوی خەباتی سیاسی و جەماوەری و تەنانەت چەکداری حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەبوو، بەڵکو لاواز بوون و شکستی بەعس بەر ئەنجامی جەنگ و ملهوری و سیاسەتی ئەمریکا بوو. لەم دۆخەدا کە ڕاپەرین لەهەر ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانە خاڵی بوو، چاوەڕوانی لەوەی دەستکەوتەکانی بۆ جەماوەری ڕاپەریو بێت، لە وەهەم زیاتر نەیدەتوانی زیاتر بێت. دیارە گروپ و ڕیکخراوەی چەپ و کۆمۆنیست بەشدار و ئامادەییان لە ڕاپەرین و بەر لەراپەریندا هەبوو، بەڵام ئاسۆی زاڵ بەسەر شەقام و لە ئاستی گشتی و کۆمەڵایەتیدا، ئاسۆی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی بوو.

لەگەڵ بیستنی هەواڵی گەڕانەوەی سوپای قەسابیکراوی بەعسدا، بەر لە خەڵکی ئەزموون دیدە بە دەسەڵاتی بەعس، سەرانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزە چەکدارەکانیان، ئەندازیارانی ڕاپەرین بێ هیچ بەرگرییەک بەزینی خۆیان لەبەرامبەر سوپای بەعسدا، بە راکردن نیشاندا و خەڵکی کوردستانیش بەناچاری ڕێگای چۆڵکردنی شار و شارۆچکەکانی گرتەبەر. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بە ملیۆنان ئینسان ئاوارەی سنورەکان و وڵاتە دڕندەکانی ناوچەکە بوون.

ئاوارەیی خەڵکی کوردستان هێندە گەورە بوو، ئەگەر لە سەدا پێنج کەمتری ئەم خەڵکە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی هەبوایە نەک دەیتوانی بەرگری لە هاتنە پێشەوەی سوپای بەعس، بەڵکو دەیتوانی ئەو سوپایە تێک بشکێنێت و ئاوارەیەکیش ڕوو نەدات. بەتایبەتیش کە سوپای عێراق پێشتر تێکشکابوو، بەڵام چونکە مۆتوری جوڵەو ئیرادەی جەماوەری بەدەستی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوا و سەرانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردیەتییەوە ئاراستە دەکرا، هەر ئەو واقعیەتە تاڵە دەیتوانی چاوەڕوان بکرێت.

کارەساتی ئاوارەیی هێندە دڵتەزین بوو، کە سەرنجی ڕای گشتی دنیای بەدوای خۆیدا کێش کرد، بەڵام دوبارە ئەمریکاو ڕۆژوا لەجیاتی گرتنەبەری ڕێگا و نەخشەیەکی سیاسی بۆ کۆتاییهێنان بە دوبارەبوونەوەی ئەو کارەساتانە و مامەڵەکردنی لەگەڵی بە وێنەی پرسێکی سیاسی، بە هێنانی بریاری ٦٨٨ کە بەهێڵی ٣٦ یان دژە فڕین(No-fly zone) ناسراوە، کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانیان هێنایەخوارەوە بۆ کێشەی ئاوارەیی و بەرگێکی رووتی ئینسانیان کردە بەری. بەمەش زەمینەو پایەکانی مانەوەی پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیان بە چارەسەرنەکراوی هێشتەوە، کە تائێستاش خەڵکی کوردستان قوربانیەکەی دەدەن.

لەناو جەرگەی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا و ئەو مەرگەساتە دڵتەزێنانەی روویان دەدا، سەرانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەلایەکەوە پێشوازییان لە بریاری ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانی هێنایەخوارەوە بۆ پرسی ئاوارەکان و هاوکاتیش بەسەر مەرگی قوربانیانی ئاوارەییدا، کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ڕژێمەی چەند ڕۆژ لەوەبەر هێرشی هێنابووە سەر خەڵکی کوردستان، بەمەش بۆ چەندەمین جار ئەو ڕاستییە سەلماوەیان خستەوە ڕوو، کە ئەمانە هێزی ڕەشن.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ ئەوەدا بەشدار لەتاوانی ئاوارەیی خەڵکی کوردستان بوون و هاوکاتیش پێشوازیان لە بڕیاری لەبارابردنی سیاسیبوونی ئاوارەیی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعس، کەچی تا ئێستاش مامەڵە بە پرسی کارەساتی ئاوارەیی و سەرجەم تاوانەکانی تری دەستی بەعسەوە دەکەن و وەکو سەرمایەی سیاسی و کارتی سیاسی لە سات و سەوداکانیادا، بەدەستیەوە دەگرن.

هیچ تاوانکارییەکی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوا، بەعس و وڵاتانی ناوچەکە، لەدژی خەڵکی کوردستان و ئیرادەی سیاسیەکەی نییە، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی تیایدا هاوکار و بەشدار نەبووبن، کەچی هێشتا خۆیان بەپرسی سیاسی و حقوقی خەڵکی کوردستانەوە هەڵواسیوەو بەمانەوەی ئەو پرسە سیاسیەش زەمانەتی مانەوەی خۆیان کردووە.

زۆر دەمێکەیە کارنامەی دژە ئینسانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، بۆ خەڵکی کوردستان، لەسەردەمی شاخ و شاریاندا، لەسەردەمی ئۆپۆزیسیۆن بوون و ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتی ڕەشیاندا، ئەزموون کراوە. بۆیە خواستی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاماڵینیان، بەئاراستەی بە کردەوە ڕاماڵینیان بۆتە کردەیەکی پێویست، کە بۆ هەمیشە ئەم جۆرە لەدەسەڵاتی سیاسی لەکۆڵ جەماوەری خەڵک بکاتەوە و مۆدیلیکی تر لەدەسەڵات و سیاسەت، جێگای بگرێتەوە، کە ئینسان تیایدا بەهای خۆی هەبێت و مافی پارێزاو بێت و ئیرادەی ئینسان تیایدا میحوەر بیت و ئازادی و خۆشبەختی، بۆ هەموو تاکێک بەرجەستە بێت... ئەمەش کاری کۆمۆنیزم و چینی کریکاریی ڕیکخراوە.

# لەوەڵام بە پرسیارێکدا.. سەبارەت بە قسەکانی نێچیرڤان بەرزانی!

## جەمال موحسن وەڵام دەداتەوە



**سەبارەت بە قسەکانی نێچیروان بارزانی لەپەیوەند بە بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێوەدوڵەتی بۆ دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین و هێڵی ٣٦ ..ئۆکتۆبەر ئەم پرسیارەی ئاراستەی جەمال موحسین کرد:**

نێچیرڤان بارزانی لە سیەهەمین ساڵیادی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، تایبەت بە دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین لەباکوری عێراق، ئەم ڕۆژە وەکو سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی پرشنگدار لە مێژووی خەڵکی کوردستان ناوزەد دەکات. باس لەوە دەکات پرۆسەکە سەرەتا پرسێکی مرۆیی بۆ دابینکردنی ئارامی و پاراستنی خەڵکی کوردستان لە هێرشی سەربازی ڕژێمی بەعس بوو، بەڵام دواتر ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرت و بووە دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەرگای ژیان و ئەزموونێکی نوێی دیموکراسی لە هەرێمدا کردەوە. ئێوە دوای سی ساڵ لەم بڕیارەوە ئەو مێژووەی کە کوردستانی عێراق لە ڕووی ژیان و گوزەران و مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانەوە ئەزمونی کردوە، ئەم بڕیارە چۆن هەڵدەسەنگێنن و چۆن دەڕوانن ئەم قسانەی نێچیرڤان بارزانی!؟ خەڵکی کوردستان ڕاستە لە پەلاماری و سەرکوتی بەعس ڕزگاری بوو، بەڵام ئایا ئەو ئاکامەی ئێستا هاوتایە لەگەڵ ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستاندا بۆ ژیانێکی باشتر؟

جەمال موحسین: سەرانی بۆرژوا_ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە لە ڕاپەڕینەوە تاکو ئاوارەبوونی ملیۆنی خەڵکی کوردستانیان بە هەوێنی قەوارە و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان داناوە. ئەو شتەی ئەوان پێی ئەڵێن ''سەرەتا پرسێکی مرۆیی'' بووە، مەبەستیان لە ئاوارەیی و کۆڵ بە کۆڵ بوونی خەڵک و ئەو نەهامەتیە بوو کە کرایە جێی بەزەیی ''جیهانی دەرەوە'' و دەستمایەی ئەم قازانجە سیاسیەی کە ئەمان هەیانە (نەک خەڵک). بە بڕوای من پێویست بەوە ناکات بە مێژووی دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ (دیاریکردنی ناوچەی ئارام یان نۆو فلای زۆون)دا بگەڕێینەوە. ئەم بڕیارە و خودی ڕاپەڕین و دواتریش کۆڕەوەکە زادەی هەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەیی بوو کە لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە هاتە پێشەوە، بەڵام ئەمە جێگەی باسمان نییە. ئێمە هەمیشە وتوومانە ڕاپەڕین ئەگەرچی نیشانەی ڕق و نەفرەتی زیاد لە چارەکە سەدەیەکی جەماوەری بێبەشی کوردستان بوو لە دژی ڕژێمی بەعسی هاری سەرمایە، ئامرازێکی بەکارهێنانی ئەم تورەییەی خەڵکیش بوو بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی بۆرژوا_ناسیۆنالیزمی کورد. لەبەرئەوەی کە ڕاپەڕین بەرئەنجامی خۆئامادەکردنێکی خەڵک و بەرنامەداڕشتن بۆی و دیاریکردنی دەسەڵاتی دوای بەعس لەسەر بنەمای دەخاڵەت و ڕۆڵی خەڵک نەبوو. یاری پێکردن و بەکارهێنانیشی بۆ هێزەکانی سەر بە بۆرژوازی کورد لەبارتر بوو. هەربۆیە کاتێک ڕژێمی بەعس هێزەکانی کۆکردەوە و هێرشی کردەوە بۆ سەر کوردستان، هێزەکانی کوردایەتی کە ئەشیانزانی و نەشیان ئەویست بە هیچ جۆرێک بەرگری بکەن، سەرەتا هەوڵیان ئەدا پێش بە خەڵکەکە بگرن کە دەیانویست دەربچن و گیانیان دەرباز بکەن، بۆئەوەی کارەساتێک بخوڵقێ و ئەوان بیقۆزنەوە.

هەرگیز بەوجۆرە نییە وەک سەرانیان ئەڵێن کە هەموو خەڵک وەک یەک و یەکسان، دەوڵەمەند و هەژار، ئاوارەبوون. نەخێر هەرگیز خەڵکی کوردستان هەموویان لە بەلەمێکدا نەبوون. هەموان ئەزانن سەران و گەورە بەرپرسانی حزبەکانی کوردایەتی نەک خوێن، ئارەقیشیان بەرامبەر بە گەڕانەوەی بەعس نەڕژا. ئەوانەشیان کە لەپێناو وەعدە و بەڵێنی دەسەڵاتێکدا کە زلهێزەکانی جیهان پێیان دابوون (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و بەتایبەتیش فەرەنسا و بەریتانیا)، بە رووکەش ''هەڵهاتبوون'' سەیارە و پارە و چەک و خۆراک و هەموو پێداویستیەکیان پێبوو. لە کاتێکدا خەڵک بە پێی پەتی و بێ هیچ ئیمکانیاتێک بۆ نانە ڕەقەیەکی کەروکراو ئەچوو بە ئاسماندا و وێڵی شاخەکان بووبوون. باران و تەرزە و سەرما هیچ کارێکی لەوانەی یەکەم نەکردبوو، لەکاتێکدا ئەمانەی دووەمی هەراسان و نەخۆش و پەککەستبوو، وە بەشێک لەوانەی کە ئێستا لە ژیاندا ماون بە دەست

## پاشماوەی .. لەوەڵام بە پرسیارێکدا ...

چەندین نەخۆشیەوە ئەناڵێنن کە بە هۆی ئەو هەڵهاتنەوە تووشیان بووە. ئەوە ژنی هەژاران بوون لەو دۆخەدا و بەو شاخەوە کۆرپە لە دامێنیان بەرئەبۆوە، ئەوە منداڵی خەڵکە هەژار و زەحمەتکێشەکە بوو لە سەرماندا ڕەق بۆوە... ئەوە ژن و کچانی ڕاکردوو لە دەست بەعس و سەرکوت و هەژاری بوون کە لەپێناو دەستکەوتنی نان بۆ خێزان و مناڵ و خوشک و برایاندا ناچار لەبەردەم گورگە برسیەکانی سنورەکانی ئێران و تورکیادا ئەوەستان و نەک گێچەڵیان پێئەکرا، بگرە داوای لەشیشیان لێ بکردنایە لەبرسانەمردنی مناڵ و خێزانەکانیان بواری ڕەتکردنەوەی لێیان تەسک کردبۆوە....هەموو ئەم دیمەنە دڵتەزێنانەش کرابوونە سیناریۆیەک کە ئەو سێ دەوڵەتە زلهێزە ناوبراوە بەدیاریەوە دانیشتبوون و بڕیاری ٦٨٨ یان دەرکرد تاکو شاگرد و گوێلەمستە کوردەکان (سەرانی کوردایەتی نەک خەڵک) بکەن بە پاسەوانی سیاسەت و ئەجێندا و ئامانجەکانیان لەو ''ناوچە ئارام'' ەدا. ئەوە بوو لە ئاسمان و ''خودای ئیمپریالیزم و ئەو دەوڵەتە زلهێزانە''وە دەسەڵات داباریە کۆشی سەرانی کوردایەتیەوە. بەڵام ململانێ لەسەر بەشی زۆرتری دەسەڵات و داهاتێک کە لەم هەرێمەدا، ''لەم ناوچە ئارامەدا''، هەیە هێزەکانی بۆرژوازی_کوردایەتی دا بەیەکدا و بە دەیان هەزار کوژران و بریندار بوون و کەمئەندام بوون. هەر لەو کاتەوە ناوچەی ئارام بوو بە نائارامی بۆ دانیشتووانی کوردستان. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو شتەی بە دەسکەوت ناو ئەبرێ بۆ خەڵک چی بووە و چییە؟ ئایا هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەت چ شتێکی لە ژیانی خەڵکی بێبەشی کوردستان گۆڕیوە؟ ئەوە ڕاستە کە نەهامەتی و ئاوارەیی و کوشتاری خەڵکی هەژار و بێبەش بووە مایەی دەسەڵات و حکومەتداری و لەویشەوە پارەوپولی زۆر بۆ سەرانی کوردایەتی. هەر کەس چاوێک بگێرێتەوە بۆ دواوە، زۆر ڕۆشن ئەبینێ کە نەک لە ١٩٩٢ ەوەوە کە بەناو هەڵبژاردن کرا و پەرلەمان و حکومەت دروست بوو، بگرە لە ڕاپەڕین و ئاوارەییەکەوە شەڕی چینایەتی و دوژمنایەتی ئەو حزبە ناسیۆنالیستانە لەگەڵ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش دەستی پێکرد. شەڕێکی سەرومالّی! شەڕی نەهێشتنی ژیان و بژێوی، لەناوبردنی هەرچی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و مەدەنی وەک ئاو و کارەبا و جادەوبان، زیندەبەچاڵکردنی پەروەردە و فێرکردن و ژیانی منالان، شەڕ لە دژی ژنان و ژیان و مافەکانیان.... چی ماوە بە خەڵکی نەکەن؟ خەستەخانە ماوە وێرانی نەکەن، تاکو ئەهلیەکانی سەر بە خۆیان ببوژێتەوە؟ قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگا ماوە کاولی نەکەن لەبەر خاتری بازاڕگەرمکردنی ئەوانەی خۆیان؟

بە بڕوای من پرسیارێک نەماوەتەوە لە نێچیرڤان بارزانی و ئەمسالەکانی بکرێ. وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە ڕاستە چ ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و چ ئاوارەبوونەکە و چ بڕیاری ٦٨٨ بۆتە نازونیعمەت بۆ ئەوان کە کەمینەی کۆمەڵگان لەسەر حسابی زۆرینە کە هەژار و بێبەشکراون. تا ئێستا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئارام بۆ کەڵەکەی پارەوپول بۆ ئەوان و نائارام بۆ جەماوەری کرێکار و بێبەش بووە. نائارامی لەباری هەموو ئەو شەڕە ناوخۆییانەوە کە بەرپایان کرد، لەباری هێنانی دەستی میت و ئیتلاعات و موخابەراتی وڵاتان بۆ سەر سەر خەڵک، لەباری نائەمنکردنی ژیان، لەباری خاپورکردنی کۆمەڵگا بۆ هەژاران، لەباری ڕوتەڵکردنی هەرچی زیاتری سفرەی بەردەم ملیۆنەها خێزانی زەحمەتکێش، لەباری نامۆکردنی زیاتری هەر ئەو جەماوەرە بێبەشە بە خۆی و ژیان و مافەکانی و نەهێشتنی هیچ شکۆیەکی ئینسانی و کەسایەتی بۆیان. ئەوە ئەم هاوکێشەیەیە کە ئەبێ پێچەوانە بکرێتەوە. کەمینە لەسەر کوێرەوەری خەڵک خۆی دەوڵەمەند کردووە و تا ئەوپەڕی ژیانی شاهانەی گەیاندووە، زۆرینەش ئەبێ لەسەر حسابی سەندنەوەی هەموو ئەوانە لەو کەمینەیە ژیانێکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران بۆ خۆی دابین بکات. ئەبێ کوردستان ببێ بە هەرێم و ناوچەیەکی ئارام بۆ ملیۆنەها کەسی مەحروم. ئەمەش بە نائارامکردنی سەڵتەنەتەکەی ئەوان مەیسەر ئەبێ کە لە جێیدا کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان، کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی بەرپابکرێ. بەڵێ کوردستان ئەتوانێ و ئەکرێ ببێ بە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی، بەڵام پێشمەرجی ئەمە لەکارخستنی دەسەڵاتی ئەوانە، واتە نائارامکردنی ئەوەی بۆ ئەوان بۆتە سەروەری و ئارامی!

★

**دیمەنە دڵتەزێنەکانی ئاوارەیی خەڵکی کوردستان کرانە سیناریۆیەك تا دەوڵەتانی ڕۆژاوا بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا لە قاڵبی کاردانەوەیەکی مرۆییدا بەناوی " ناوچەی ئارام بۆ کوردەکان" نیشانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بدەن و خزمەتکارە سیاسیەکانیان لەناو سەرانی کوردایەتیدا بکەن بە پاسەوانی سیاسەت و ئەجێندا و ئامانجەکانیان لەو "ناوچە ئارام" ەدا.**



# یادی خەباتکارانەتان بۆ هەتاهەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە!

## لەیادی تیرۆرکردنی هاورێیان شاپور عبدالقادر و قابیل عادل

**مستەفا باهیر**

یادی خەباتکارانەتان بۆ هەتاهەتایە بەنەمری دەمێنێتەوە،

لەیادی تیرۆرکردنی هاورێیان شاپور عبدالقادر و قابیل عادل

٢٣ ساڵ لەمەوبەرو لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا، بەرەبەیانی رۆژی ١٨ی ٤ی ١٩٩٨ کاتژمێر ٨:٥٠ خولەک، باندێکی تیرۆریستی مرۆڤکوژی ئیسلامی، دوو رابەری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و دوو ئینسانی شۆرشگێر و دوورابەر و دووسیمای خۆشەویستی ئاوارەکان و یەکێتیی بیکارانیان تیرۆر کرد. هەرچەندە ئەم کردەوە تیرۆریستە راستەوخۆ ئیسلامیەکان ئەنجامدەری بوون، بەلام روونە بە بێ هەلکردنی گلۆپی سەوز لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەنجامدانی کارێکی وەها لەناو جەرگەی شارێکی وەک هەولێردا، ئەستەم بوو. چونکە لەو کاتەدا تیرۆریستێکی وەک مەلا بەشیر لە مزگەوتەوە بەئاشکرا فتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانی دەدا و داوای داخستنی رۆژنامەی کۆمۆنیستەکانی دەکرد. پارتیش وەک پیشەی هەمیشەی کەوتە هاوکاریکردنی ئەو بەرە کۆنەپەرستە، هەر بۆیە دەزگاکانی پارتی دوای ئەوەی کە هاورێیان تیرۆر کران، لەباتی ئەوەی لیکۆلینەوە لەو کارە تیرۆریستیە بکەن و هاوکاری کەسوکارو هاورێیانیان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بکەن بۆگرتنی تیرۆریستان و فتوادەرانێکی وەک مەلا بەشیری کۆنەپەرست راپێچی بەردەم دادگا بکەن، بەلام لەزمانی فازل میرانیەوە ستایشی کراو بەرگری لێکراو ئێستاش نوێنەری پارتیە لە پەرلەمانی عێراق جێگیری سەرۆکی پەرلەمانە لەسەر لیستی پارتی!

سەرەرای ئەوە، پارتی بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی شارەوە بنکەی یەکێتی بێکاران و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی لە هەولێر داخست و رۆژنامەی یەکسانی بلاوکراوەی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان قەدەغەکرد. هەروەها هەولی دا کە هەلسورانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش قەدەغەبکات بە سود وەرگرتن لەو بارودۆخەی هاتبوە ئاراوە، دوای تیرۆرکردنی ئەو دوو هاورێیەی رابەری حزب، بەلام راوەستاوی و پێداگری و گیان بازیی هاورێیانی حزب ئەو سیاسەتەی پارتی پووچەلکردەوە. تا پارتی ناچاربو کە بەیاننامەی هاوبەش لەگەل حزبدا دەربکات و بەلێنی بەدواداچوون بۆ ئەو تاوانە و ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی تیرۆریستان بکات. ئەوەبوو دواتر لە سیناریۆیەکی گومان لێکراودا چەند کەسی هێنانە سەر تەلەفزیۆن و گوایە ئەوان بەو کارە تیرۆریستیە هەستاون. بەلام دواتر دەرکەوت کە ئەو کەسانەی تۆمەتبارکرابوون بەو کردەوە تیرۆریستیە نەک لەسەر ئەو تاوانە بەلکو لەسەر کاری دیکە لەناو هەولێردا داگایی و سزا دراون!

پارتی بەم کارەی دووپاتی کردەوە کە دژی هەموبەرەیەکی ئازادیخوازە و دژ بەوکەسانەیە کە هەول دەدەن بۆ باشترکردنی ژیانی هەژاران، پارتی بەم کارەی دووپاتی کردەوە کە هەمیشە پالپشت و یارمەتیدەری بەرەی کۆنەپەرستە.

شاپور و قابیل... دوو رابەری شۆرشگێر و دوو شۆرشگێری رێگای دنیایەکی باشتر بوون. هەموو ژیانیان تەرخانکرد بۆ بەدیهاتنی دونیایەکی باشتر. تا ئەوکاتەش ململانێی چینایەتی نێوان دارا و نەدار، هەژار و دەولەمەند هەبێ، تا ئەوکاتەی ململانێی نێوان کرێکارو سەرمایەدار مابێت، خەبات و تێکۆشانی هاوبیرانی شاپورو قابیل و بەردەوام دەبێت. بەرزوو بەرێزبێت یادی ئەو دوو هاورێ تێکۆشەرە.

٧ نیسانی ٢٠٢١

★

**ئامانجی نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکاندا ئەوەیە کە ناوماڵی بۆرژوازی کورد لەژێر چەتری حزبەکەی و دەسەڵاتەکەی و ستراتیژی سیاسی حزبەکەیدا رێک بخاتەوە، حزبەکانی بەشدار لە دەسەڵات لەگەڵیدا زیاتر ڕابکێشێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش زیاتر و زیاتر دەستەمۆ بکات!**

# حکومەتی هەرێم، حکومەتی سەرانەو باج!

**موحسین کەریم**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە حکومەتێک کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵک بکات، بووتە دەسەڵاتێک کاری بریتیە لە وەرگرتنی باج و سەرانە لەو خەڵکەی کە لەژێر سایەی دەسەڵاتەکەیدا دەژین.

بەپێی مانا لیبراڵیەکەشی بێت، حکومەت، دەبێ لانی کەمی مافە مەدەنی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ هاوڵاتیانی فەراهەم بکات. بەپێی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، هەموو کەسێک دەبێ بەهرەمەند بێت لە ئازادی و یەکسانی لە مافەکاندا لە بەرامبەر یاسادا. دەبێ هەلومەرجێکی یەکسان فەراهەم بکرێ بۆ هەموو هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن بەهرەمەندبن لە بیمە کۆمەڵایەتیەکان، مافی ژیانێکی ستانداریان هەبێ لەڕوی خواردن، خانوو، داودەرمان و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەوە، مافی دابینبوونی ژیان لەکاتی بێکاری، نەخۆشی و پەککەوتن و هەر بارودۆخێکی دیکەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی هاوڵاتیدا بێت. ئازادیی بیروباوەر و بیرکردنەوەو بەشداریکردن لە کۆبونەوەو رێکخراوەو پارێزگاریکردن لە ژیان و سەلامەتی خۆیان، مافی خۆێندنی خۆڕایی، پاراستنی ژیانی منداڵ و تاد.

بەڵام ئەگەر حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەم پێودانگە بۆرژواییەی حکومەت و فەرمانڕەوایدا بەراورد بکەین، بەڕوونی ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کاری ئەم حکومەتە نەک لە حکومەت ناچێت، بەڵکو لە باندێک دەچێ کە بە زەبری هێزو چەک کۆنترۆڵی ژیانی خەڵکیان کردوەو بەئارەزووی خۆیان دەیان چەوسێننەوەو باج و سەرانەیان لێدەستێنن بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا هیچ ئەرکێک بەرامبەر بە خەڵک لە ئەستۆ بگرن.

حکومەتی هەرێم لەڕووی دابینکردنی ژیانەوە بۆ هاوڵاتیانی کوردستان هیچ بەرپرسیارێتیەکی لە ئەستۆ نەگرتوە. بەهیچ جۆرێک هەواڵێک لە بیمەی بێکاری، بیمەی تەندروستی، بیمەی دەورانی نەخۆشی و پەککەوتەیی لانی کەم بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە لەدەرەوەی دامەزراوە حکومیەکاندا کاردەکەن، نیە. دەیان هەزار کرێکاری کەرتی ئەهلی کاتێک بێکار دەبن هیچ سەرچاوەیەکی ژیانیان نامێنێ و یان دەبێ دەستفرۆشی بکەن و یان دەبێ لە هەژاری ڕەهادا خۆیان و هاوسەرو خێزانەکانیان ژیان بەسەر بەرن. مافی خانەنشینیان نیە و دەبێ تا مردن خەریکی دەستفرۆشی بن.مافی بیمەی دەورانی پەککەوتەیی و نەخۆشیان نیە و دەبێ چاوەڕێی دەستی کەسوکاریان بکەن ئەگەر لایەکیان لێبکەنەوە! کرێکار و کارمەندانی کۆمپانیاو دامەرزاوە ئەهلیەکان بۆ چەندین ساڵ بەشێوەی گرێبەستی کاتی، کە تەنانەت پێچەوانەی یاسای کاری عێراقیە، کاریان پێدەکرێ، بۆئەوەی ئەو مافانەیان لێزەوت بکەن کە بەپێی گرێبەستی هەمیشەیی دەبێت هەیان بێت! کارگاو دامەزراوەکان وەکو سەربازگەی لێهاتوەو هەرجۆرە کۆبونەوەو ناڕەزایەتیەک ڕوبەڕوی دەرکردنیان دەکاتەوە. حکومەتیش پارێزگاری لە خاوەنکار و خاوەن کۆمپانیاکان دەکات.

لەلایەکی دیکەوە هاوڵاتیانی کوردستان، بەهۆی تایبەتیکردنی کەرتی تەندروستیەوە، لەڕووی سەلامەتی تەندروستی و پزیشیکیەوە بارودۆخێکی خراپیان هەیەو دەیان کۆمپانیان و دامەرزاوەی پزیشکی تایبەت دروست بوون کە گیرفانی هاوڵاتیان دادەتەکێنن، یاخود هاوڵاتیانی کەمدەرامەت ناتوانن دەستیان بەو خزمەتگوزاریانە بگات و لەبەردەم هەڕەشەی نەخۆشیەکاندا دەستەوەستان و بێچارەسەر دەبن!

بارودۆخی خوێندن لە تەندروستی خراپترە. ئەگەرچی هێشتا تروسکاییەک لە خوێندنی خۆرایی و حکومی ماوە، بەڵام بەبەراورد بە خوێندنی تایبەت کە سەراسەری کوردستانی گرتۆتەوە لە خوێندنی سەرەتاییەوە تا زانکۆ، لە نزمتری ئاست و کواڵێتی سوودمەندە و ئاستی خوێندنی گشتی بەڕادەیەکی ترسناک هاتۆتەخوارەوە.

خزمەتگوزاریە مەدەنیەکانی وەکو کارەباو ئاوو رێگاوبان و خاوێنی شارەکان و.... تاد. هەمووی بووە بەبار بەسەر شانی خەڵکەوە. حکومەت هەنگاو بە هەنگاو خۆی لە دابینکردنی ئەمانە دەدزێتەوەو دەیدات بە کەرتی ئەهلی، کە بێگومان نرخەکان لەسەر خەلک زیاد دەکەن و قورساییەکی زیاتری ئابوری دەخەنە سەر خەڵک و ئاستی ژیانیان زیاتر بەرەوە خوارەوە دەبەن. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کاروبارانەی حکومەت پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکات لەرێگای باجێکی زۆرەوە بەڕێوەدەبرێت کە دیسانەوە گیرفانی خەڵک دادەتەکێنێ. هیچ دامەزراوەیەکی حکومی نیە کارێکت تێی بکەوێت و دەست نەبات بۆ گیرفانت! گرانکردنی سوتەمەنی لەسەر خەڵک لە وڵاتی نەوتدا کە دەبوایە یان بە خۆڕایی یان بە نرخێکی زۆر ڕەمزی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکرایە و تاد..

بارودۆخی مووچەخۆرانی حکومی، لەلایەکی دیکەوە ئاستی ئەو تاڵانکاریەی حکومەت نیشان دەدات. ماوەی ٤-٥ ساڵە دەیان ملیار دیناری کرێکاران و کارمەندانی حکومەت و خانەنشیان و مامۆستایان و .. تد.

⇦

## پاشماوەی .. حکومەتی هەرێم، حکومەتی سەرانەو باج!

بەزۆرملێ تالان کراوە و ئێستاش بەشێک لە مووچەکانیان بەبیانوی نەبوونی داهات و بودجەی پێویستەوە دەبڕن!

ئەمانە هەمووی لەکاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە حکومەت کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاولاتیان دەکات و زۆرترین باج و سەرانە لە خەڵک وەردەگرێت و دەستیشی گرتوە بەسەر سەرچاوەکانی سامانی گشتی و کۆمەلایەتیدا، کە بە ملیاران دۆلار مەزەندە دەکرێ، کە لەڕاستیدا دەبێ ئەو داهاتە بۆ بیمەو خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتی و تەندروستی و شارەوانیەکان خەرج بکرێن، بەلام لەسەر دەستی ئەم حکومەتەدا دەچێتە گیرفانی حزبە دەسەلاتدارەکان و هاوکارەکانیانەوە و بەشێوەی سامان لەدەستی سەرانیان دا کۆدەبێتەوەو خانوو و ڤێلاو پرۆژەی ئابوری زەبەلاحی پێدروست بکەن و ژیانی شاهانە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین و مسۆگەر بکەن و شتێکیشی وەکو ئیمتیازات دەدەن بەوانەی کە لە دەوروبەریانن تا لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە بەرگریان لێبکەن و پارێزگاری لە دەسەلاتە چەوسێنەر و مافیاییەکەیان بکەن. بۆنمونە خانەنشینێک دوای دەیان ساڵ خزمەتکردن بە کۆمەڵگا مانگانە ٢٠٠ هەزار دینار وەردەگرێ، کرێکارێکی ژینگە ٣٠٠ هەزار دینار مانگانەکەیەتی، کرێکارێکی گەنج و دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەگەر کارێکیان دەست بکەوێ مانگانەکەیان لە ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هەزار دینار تێناپەڕێت، بەلام بندیوارێکی حزبی کە هیچ کارێک ناکات و ڕەنگە هیچ شارەزایی و بڕوانامەیەکیشی نەبێت، بەلام تەنها بۆ تەئیکدکردن و دەنگدان و پارێزگاریکردن لە حزبەکەی لەسە ر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو دینار مووچەکەیەتی!

کەواتە ئەم حکومەتە خۆی، حکومەتێکی بندیوار و مشەخۆرە بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستانەوە. بوون و مانەوەی زیادەیەو مایەی وێرانکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و هەژارتر کردنیانە، مایەی لەنێوبردنی سەرجەم ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکانیانە، مایەی هێنانی کارەسات و ماڵوێرانیە بۆ خەڵکی کوردستان. لەڕوانگەی بەرژەوەندی خەڵکەوە ماوەی بەسەرچوەو بۆ بەکارهێنان ناشێت!

☆

**حکومەتی هەرێم، حکومەتێکی بندیوار و مشەخۆرە بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستانەوە. بوون و مانەوەی زیادەیەو مایەی وێرانکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و هەژارتر کردنیانە، مایەی لەنێوبردنی سەرجەم ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانیانە، مایەی هێنانی کارەسات و ماڵوێرانیە بۆ خەڵکی کوردستان!**

**دابینکردنی ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەخۆرایی، ئەرکی حکومەتە !**

**ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریتی جەماوەریە!**

نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە:
www.hkkurdistan.org

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com